لە سەروبەندی جەژنی کریسمەسدا!

عیسا، یەکێک لە منداڵەکانی ئیبراهیم، لە شەوێکی وەک ئەمشەودا لە دوو هەزار و بیست و سێ ساڵ لەمەوبەر لەدایک بووە، بەپێی ساڵنامەی ڕۆمی کاتۆلیک. عیسا جولەکەیەکی دیندار بووە و لە سەردەمێکی دیاریکراودا لەدایک بووە. لەو کاتەدا جیهان لە نێوان دوو جەمسەری تۆتێمیزمی ڕۆمی و مەزداییسمی ئەشکەنازیدا دابەش کرابوو... ئەو خاکەی عیسا لێی لەدایک بووە، پارێزگای یەهودا لە شام ی گەورە، لەلایەن ڕۆمییەکانەوە داگیرکرابوو. جەنگاوەرانی ئەشکەنازی کە بە زمانی لاتینی پێیان دەگوترا پارتییەکان، تیرهاوێژان و کەواندارانی لێهاتوو بوون کە ڕۆمەکانیان لە کیلیکیا یان ئەودیوی فرات وەستاند. هەروەها لە شەڕی حەران لە ساڵی ٥٣ پێش زایین ژەنەراڵی گەورەی ڕۆمی واتە کراسوسیان شکست پێهێنا و لە زاخۆ کوشتیان. سەرکردەی سوپای ئەشکەنازییەکان ناوی سۆران بوو، شاهەنشای ئەشکەنازیش ناوی هەروتا بوو.

ئەشکەنازییەکانی بابی دین خاوەن سرووشتی دەروێشانە بوون و بیروباوەڕی سۆفیگەرییان هەبوو. قژ و سمێڵیان ئەهێشتەوە و خۆیان بە بەرگریکار و سەربازانی ماردوخ ئەخوێندەوە.

ماردوخ لە نەریتی عێبریدا پێی دەگوترێت میکائیل و لە نەریتی مەندابیەکاندا بە مەڵکا ناودەبرێت. کوردە موسڵمانەکان پێی دەڵێن مارە یان مەهرە و مەڵ. جوولەکە کوردەکانیش وا بە ئارامی قسە ئەکەن پێی دەڵێن مەڵکە. کوردانی ئێزدیش پێێ ئەڵێن تاوسێ مەلەک.

ماردوخ (مەردوخ، خومورد، موردەخای، کومورد،کوردو، گۆمەرد، کەیومەرس، کاردوخ، کوردوخ، پاتروخ، پاتروک، پارتوک، پارتۆو، پارتۆوە، شوریدە، شوروپاگ، دەروێش، شویدەر، ژوپیتەر، پاترێۆت، ئاترۆپات، پارتیوە، پەردیوە، ئارتومات، ئارتیمات، ماتتیرا، میترا، پیترا، پیتەر، پەدەر، شوپیتەر)... ئیزەدی ئافراندن و پارێزەری دادپەروەری و خۆشەویستی و پەیمان و نەریتی ئازایەتی و پاڵەوانی و دۆستایەتییە.
شانشینی ئەشکەنازی لە سەدەی یەکەمی پێش زاییندا زۆر هەستیار بوو بە ناوچە کەناراویەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست چونکە لە سەردەمی کوروشی گەورەدا وا یەکێک بوو لە شاهەنشاکانی شانشینی دووەمی داهیوکی ماد(میدی) هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مسر لە ژێر دەسەڵاتی ماردوخیەکان واتە، کاردۆخیەکان یان کوردەکاندا بوو. بەڵام ئەسکەندەری مەزن بە سەر ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا زاڵ بوو و داهیوکیەکانی ڕووخاند و دوای نەوەد ساڵ ئەشکەنازییە ماردۆخیەکان بە سەرۆکایەتی ڕزگارکەر(ئەرەشکە) کە خۆی ئاگروان ی ئاگری پیرۆزی خاوەران( ڕۆژهەڵات ) بوو، دەستیان کرد بە وەرگرتنەوەی خاکەکانیان لە دەست دەسەڵاتدارە یۆنانیەکان و لە کۆتاییدا کۆنترۆڵی خاکی قەڵەمڕەوی ئیمپراتوریەتی دووەمی داهیوکیەکان یان دهۆکیەکانیان گرتەوە دەست، کە پێشتر لەلایەن ئەسکەندەری گەورەوە دەستی بەسەردا گیرابوو.

بەڵام ئێستا ڕۆمیەکان وەک سەرکردە نوێیەکانی ئەوروپا هاتبوونە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوان هاتبوون مێژوو دووبارە بکەنەوە و بگەنە هیندستان بەڵام ئەمجارە کاردۆخیە ئەشکەنازییەکان بەهێز و یەکگرتوو بوون و ڕێگایان لە ڕۆمیەکان گرت و تەنانەت ژەنەراڵی سوریا واتە کراسوسیان کوشت. دووەم هۆکاری هەستیاربوونی شاهەنشاکانی ئەشکەنازی کاردۆخی بە خاکی شام، ئەو ڕاستیە بوو: شام پردی پەیوەست بوونی ئەم شانشینە بوو بە کارتاژ و مسر و قبرس ەوە... بەڵام ڕۆمیەکان بە دەسەڵاتەوە حوکمڕانی سوریایان دەکرد. جولەکەکانی یەهودا و لوبنان و سامەری زۆر یەکگرتوو بوون لەگەڵ هاوڕێ ئەشکەنازییە کوردوخییەکانیان. بەجۆرێک کە زمانی پەیوەندیکردنیان ئارامی بوو.

جولەکەکانی ئیسرائیل بە زمانی عێبری قسەیان نەدەکرد، بەڵکو بە زمانی ئارامی قسەیان دەکرد، وەک زمانی ئیداری خەڵکی خاکی ئەشکەنازی کاردۆخی یان کوردستانی کۆن... کوردە کۆنەکان بە زمانی ماد (ئاتروپاتی، مای) و پاڵە (پاڵویی) قسەیان دەکرد. لە ڕاستیدا ئەو دوو زمانە زاراوەی یەک زمانن. بەڵام پاڵویی وشە ئارامیەکانی زیاترتێدا بە کار ئەهات. ئەلفوبێی پاڵویی لە زمانی ئارامییەوە وەرگیرابوو، بەڵام ئەلفوبێی ئاتروپاتی بە شێوەی هیرۆگلیف و بزماری بووە. بە زاڵبوونی پاڵوییە ئەشکەنازییەکان، ئەلفوبێی ئاتروپاتی یان مای وا لە شاری پیرۆزی خاوەران لە لایەن ئاگروانانەوە بەکار ئەهات، بوو بە ئارامی.

زمانی ئارامی هەمان زمانی کوردی کۆنە، بە هەموو شێوەزارەکانی ئێستای کوردی و ئاشووری کۆنیشەوە. سروشتییە کە ئەشکەنازییەکان کاریگەرییەکی زۆریان لە کولتوری ئیسرائیل و لوبنان دا هەبووە. شاهەنشای ئەشکەنازی بە پارێزگاری هەدیابن (هەولێر)ی فەرمان دا یارمەتی پێداویستی و لۆجیستیک و چەک و پێداویستی بۆ شاری گالیل بنێرێ لە کاتی گەمارۆدانی ئەم شارە لە لایەن ڕۆمیەکانەوە کە حەوت مانگی خایاند.

بیرکردنەوە عیرفانییەکانی ماردوخی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆنی گرتبووەوە. ئەم هەژموونە بۆ هەزاران ساڵ بوونی هەبووە، بەڵام لە سەردەمی ئەشکەنازی ماردوخیدا ئەم هەژموونە پەیوەست بووە بە دەسەڵاتی نەتەوەیی و سیاسییەوە.

لە کاتی شەڕی ڕۆمیەکاندا فەلسەفەی ماردوخی لە ئیسراییل و ناوچەکانی ئەودیوی فرات بە بیری ئازادیخوازانە و دادپەروەرانە و دژی بێگانەپەرستی خۆی نواند. ئەوان هەمیشە چاوەڕێی شۆڕش کردنی سەرکردەیەکی نوێ بوون بۆ سەرهەڵدان وەک ئەرەشکەی ئاترووپاتی خاوەران، بەوهیوایەی ناوچە داگیرکراوەکانی ڕۆژئاوای فرات لە ئانادۆڵەوە تا بیابانی سینا بخاتەوە سەر شاهەنشاهی ئەشکەنازی و زیندووکردنەوەی ڕێگای پیرۆزی ئورشەلیم- حەران- خاوەران .

تەنگیوەر، یاپاڵ و وەرمز سێ شەخس یان کۆسەی خاوەرانی واتە سێ دەهیوەک( دادوەر)ی خاکی ڕۆژهەڵاتی پیرۆز ئەستێرەی بێت لحێم یان بینی و سەریان سوڕما، بڕیاریان دا شوێن ئەستێرەکە بکەون. ئەو سێ کەسە سواری وشتر بوون (وشترە کانی سەقز بەناوبانگ بوون) و بەدوای ئەو ئەستێرەدا ڕۆیشتن کە بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆیشت هەتا گەیشتنە پارێزگای یەهودا و گوندی بێت لحێم و لەو شوێنەی کە ئەستێرەکەدا وەستا، خێزانێکی سێ کەسییان بینی: دایک و باوکێکی گەنج و منداڵێکی ساوا.

ئەو سێ شەخسە بە ژن و مێردە گەنجەکەیان گوت کە کوڕەکەیان دەبێتە کۆسەی ئیسرائیل، بەڵام دەبێت ژیانی ڕزگار بکەن... ساواکە واتە عیسای کۆرپە کەوتە قسە و ووتی: خاکی ئێوە، خاوەران، دەبێتە ناوەندی شارستانیەت و پەرەسەندن و پێشکەوتن لە داهاتووی دووردا.

بەڵێ پێشبینی عیسای ناسری هاتە دی و سەد ڕۆژ لەمەوبەر، کاتێک لە ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢، خەڵکی ئەم شارە دروشمی ژن ژیان ئازادییان لەسەر گۆڕی ژینا ئەمینی کە تەرمەکەی تازە تێدا نێژرا بوو، ووتەوە و ژنان حیجابی زۆرەملێی ئیسلامییان فڕێ دا، و پیاوان و ژنان دەستیان بە دیلان کرد و چەپڵەیان لێدا. ڕەفتارێک کە هەرگیز لە کولتوری ماتەمینی ئیسلامیدا پەیڕەو ناکرێت. چونکە ئیسلام ڕێگە نادات ژنان بەشداری ڕێوڕەسمی ناشتن بکەن چ بگا بە چەمەری (دیلانی تایبەت بە مردنی جوانەمەرگ) و چەپڵە لێدان و لابردنی لەچک و چارشێوی سەر ژنان .

دوای ناشتنی ژینا ئەمینی، خەڵکی ئەم شارە لە ناوەندی سەقز دەستیان بە ڕاپەڕین کرد و دوو گەنج

کوژران و هەندێکیشیان بریندار بوون و ژمارەیەکی زۆریان دەستبەسەر کران. چەند کاتژمێرێک دوای ئەوە خەڵکی سنەش پەیوەست بوون بەم ڕاپەڕینە و تارانیش هەر لە هەمان شەودا دەستی بە ڕاپەڕین کرد و دوای ئەوەی مازەندەران، ئەسفەهان، ڕەشت، کرماشان، تەورێز، ئەردەبیل، و سەد و سی شاری ئێران ڕاپەڕان، ئەم ڕاپەڕینە لایەنێکی گشتی وەرگرت کە تا ئێستا بەردەوامە.

ئەو ڕۆژە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە بارەگای گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان میوان بوو، لە وتاری ساڵانەی خۆیدا، پەژارەی خۆی بۆ کوژرانی ژینا دەربڕی و ڕێژیمی ئێرانی شەرمەزار کرد... ئەڵمانیا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئیسرائیل، کەنەدا، نیوزیلەندا، ئوستralیا و زۆر وڵاتی تریش بەدوای ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی ئەمریکادا ڕۆیشتن و کاردانەوەیان بەرامبەر ئەم ڕووداوە تاڵە و هەروەها ڕاپەڕینی سەرتاسەری نیشان دا و ڕژێمی ئێرانیان شەرمەزار کرد.

بە کێلی گۆڕی ژیناوە، بە کوردی نووسرابوو: ژینا گیان! ناوت دەبێتە هێما...
هێما لێرەدا بە مانای ئازادی... ژیان... ژن... بەئاگاهاتنەوە و هۆشیاری پیاو و گۆڕانکاری گەورەی کۆمەڵایەتی هاتووە.

من ئاگروان(شویدەر، شوریدە، ئاتروپات، دەروێش، زیندوتا، سوشیانت، ماشیاه)ی ئاگری خاوەران لە باکووری ئەوروپاوە، ڕێز لە هەموو ئەو کەسانە دەگرم کە باوەڕیان بەم هێمایە هەیە.

قەڵای ئاگرگەی خاوەران ئێستا بوونی نییە، چونکە لە فەبریواری و مارچ ی ساڵی ١٩٨٨دا لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە بە بیانووی دروستکردنی پەناگەی جەنگ وێران کرا، بەڵام حسێنییەیەکی ناشیرین و قەڵب لەو شوێنەدا دروستکرا، کە ساڵانێک بە نیوە و ناتەواو مایەوە. بەرماوەی زەویەکەش فرۆشرا و خەڵک لەوێدا خانوویان دروست کرد.

لە بیرتان نەچێت ئەم ئاگرە لە دڵماندا زیندووە... چونکە بیرهێنانەوەی ئافراندن و یادگاریی یەکەم خۆرهەڵاتنە... ئەم ئاگرە نیشانەی خۆشەویستی نێوان خوسرەو پەروێز و شاریێ یە و هێمای خۆشەویستی نێوان یەکەم مرۆڤ (خاتو، ئاتاخوا، خات، خواتە، خوادە، خوەدی، خەدیو، خواجە) لەگەڵ هاوسەرەکەی (ئایە، ئەیا، ئەدا، دایە) و هێمای خۆشەویستی ئاترۆپاتەکانە لە یەکەم ئاترۆپات ەوە (یام، مای، پاک، ماگ، مۆغ ،بەگ، بەغ، پەڕیوە، پەڕوتە، پەروزەر) هەتا دوایین ئاتروپات (زیندوتا) بۆ خودای گەورە، ئافرێنەری بوون و نەبوون و چارەنووس و ناخی نەمر و گەردیلەی ئافراندن و

سەرگەورەی ئیزەدان و هێزە ئاسمانیەکان واتە میکاییل(ماردوخ)...

من شوێنکەوتووی ئایین ی پاکم. ئایینی پاک بڕوای تەواوی بە نەمریی ڕۆح و سیستەمی پاییشت و سزا بۆ مرۆڤ هەیە لە ماوەی ژیان لە دنیای ئێستادا و ژیانی دوای مردن .
ئایین ی پاک بڕوای تەواوی بە مافی هەڵبژاردن و ئیرادەی ئازاد بۆ مرۆڤ هەیە، بەڵام هۆشداری دەدات لەوەی کە هەر هەڵبژاردنێکی ئازادی مرۆڤ لە پراکتیکدا، دەرئەنجامە باش و خراپەکانی دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤ .

مرۆڤ ئازادیی تاکەکەسی هەیە، بەڵام بە هۆی چەمکی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، ئازادییە تاکەکەسیەکانی مرۆڤ بە یاسا مەدەنییەکان پێناسە دەکرێن بە مەبەستی دروستکردن و پاراستن و فراوانکردنی نەزمی گشتی کۆمەڵگا و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، هەروەها بۆ گەیشتن بە پێشکەوتنی مادی و کامەرانی و ئاسایشی دەروونی زیاتر .

پیرۆزبایی لە ئێوەی کورد و ئەوئێرانیە باوەڕمەندانە بە ئایینی بایی دەکەم، بە بۆنەی جەژنی لەدایک بوونی ماردوخ، و سەری ساڵی میترایی ساڵی ٦٣٧٧، ڕۆژی لەدایک بوونی عیسا، سەری ساڵی ٢٠٢٣ی زایینی، و جەژنی حەنوکای ساڵی ٥٧٨٢ی عێبری.

بەداخەوە کە لەم سەردەمە تاڵەدا لەدایک بووم و گەورە بووم و گەیشتمە ئەم تەمەنە بۆ ئەوەی شایەتحاڵی نەهامەتیەکانی نەوەکانی دوای خۆم بم، بەڵام خودای گەورە مژدەی پێداوم کە ڕۆژێک دێت ئەم تاڵییانە کۆتایی پێدێت. من ئەو ڕۆژە دەیبینم، ئێوەش دەیبینن.

کاتێک چاوم پێتان دەکەوێت، کە هەموومان چاومان بە ئازادیی خاکی خاوەران ڕوون دەبێتەوە. ئازاد بوونی خاکی ڕۆژهەڵات (خاوەران) بە تین و گەرمای ئاگری ناخ و دڵی ئێوەی گەلی دیرۆکی بەدی دێت.

مامۆستاکەم شوروپاگ زەردەشت دوو هەزار و حەوت سەد و پەنجا ساڵ لەمەوبەر پێشبینی ئەم ڕۆژگارەی کردووە... چونکە خودا ڕێگەی پێدا لەم نهێنیە تێبگات و ئەم پێشبینیە بۆ خەڵکی ڕەنجەڕۆی ئەم سەردەمە بەجێبهێڵێ. دڵنیابن ئەمە بەڵێنی خودایە و بەدڵنیاییەوە دێتە دی. لە ڕۆژی

ئازادیدا شتی جوانی دیکەتان بۆ ئاشکرا دەکەم کە دەبنە مایەی شادی بۆ ئێوە و خەڵکی جیهان.

بێگومان پیت و خێر و فراوانی تێدایە.

مامۆستام خدری زیندە ( خدرشای زیندوو) کوڕی شا سوریجا و نەوەی شا گاوارەیە. لە زمانی کوردی خاوەرانی ئاتروپاتی دا پیاوی ئایینی پلەبەرز پێی دەوترێت شەخس ، کۆسە یان کەشیش... لە دەقەکانی ئەم دواییەی زەردەشتیدا بە ئوسیخش و خشە ناودەبرێت. یارسانیەکان پێی دەڵێن سوڵتان... خەڵکی ئێستا بە دەسەڵاتدارئەڵێن شا بەڵام شا واتە گەورەی دینداران.

خدرشای زیندە یان شوروپاگ ی دووهەم لەلایەن ئانو و ئێنلیلەوە ژیانی هەتاهەتایی پێبەخشرا. ماردوخ یان شوروپاگی یەکەم ژیانی ئەم دونیایەی پێبەخشی هەر وەک بە مرۆڤەکانی تر ژیانی بەخشیوە. بەڵام ئانو ئیزەدی پارێزەری ئاسمان و ئێنلیل ئیزەدی پارێزەری بای زریان پیرۆزیان کرد و کردیان بە نەمر چونکە ڕەگەزی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەکی لە زریانی گەورە پاراست. ئەم زریانە دوازدە هەزار ساڵ لەمەوبەر ڕوویدا. خدرشای زیندوو فەرمانڕەوای کوردیلمون و ئاترۆپاتی خاوەران و فەرمانڕەوای بنەماڵەی کاشپی سۆمەری (شاگیگە، کاشیشو، شوکاشو، کوشی،کاشی، کاسی، سەکی، سەکایی، سەگزی، سەکەستانی، ئەشکی، ئەشکوزی، ئەشکەنازی) بووە. دوای لافاوەکە ڕەگەزی مرۆڤ لە کوردیلمون و میزۆپۆتامیا پەرەی سەندووە و سۆمەری دووەم و ئیلامی و گووتی و هوری و لولوپی و ئەکادی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەرکەوتن. ئەو کەسانەی لە کوردیلمون مانەوە و لە بنەماڵەی خدرشای زیندوو بوون و دەبوا ئاتروپاتی ئاگری خاوەران/ ڕۆژهەڵات بن، بە پاگ، ماگ، بەگ، پات، ماد و مای ناوبانگیان ڕۆیی. ئەوان بە کوردیلمونی، کاردیلمونی، کاردولی، کالدوری، کالدونی، کلدانی، کاردونی، گاردونی، چاردونی، چارداوڵی، چاردوری و چاردنیا دەناسرانەوە.

هەروەها نازناوی شانشینی کاشی بابل لە هەزارەی دووەمی پێش زایینداکاردونی بوو. ئەوان لەلایەن هیتییەکانەوە لەناوچوون.

ئەم نازناوە بڕاوە بە سەر خاکی خاوەراندا کە چوار دەروازەی سروشتی هەبووە. سێ دەروازەی ئاوی و دەروازەی چوارەمیش تیشکی خۆرهەڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ئەم خاکەوە ڕوو بە هەرێمەدا ئەکرێنەوە. هێمای کاردونی خاچێکە وا ئەخولێتەوە، کە پێی دەگوترا چەرخۆ.

چەرخ برێتی بوو لە گەردوونەی ئاگرینی ئیزەد تیر دەسەڵاتداری هەسارەی زەرد یان مێرکوری بە هێمای پشیلەی ڕەش و زەردەوە و برجی قرژانگ.
چەرخ لەلایەن یەکانە یان بەرازی وەهرامەوە ڕادەکێشرا. ئەم بەرازە هێمای شەرابی سووری ترێی خاکی خاوەران و تۆی کەووی تیشکی سپی خۆرە کە پێی ئەڵێن سەروو وەنەوشە یان ئۆلترا ڤایۆلێت.
یام، مای، ییو، مەی، هیوا، جەمشید، پەرهام، بەهرام، وەهرام، وەرەهرام، وەرتەرخان، ئەورام، ئەبرام، ئاوراهام و مەریخ نازناوی ئەم یەکانەن.

ڕێگە ئاویەکانی کاردونی یان چاردنیا لەلایەن هانە یان ئەستێر، ئیزەدی پارێزەری ئاوە ڕووزەمینیەکان بەڕێوەدەبرێت.

هەرچۆن بێ... بە پێچەوانەی ئەوەی نەزانەکان و نازاناکان بە خراپە باسی مای ئەکەن و بە قەبە و ترۆی ئەناسێنن، ئەم جۆرە کەسانە لەیەکچوونی ناوە ئەساتیرییەکان و ئیزەدەکان و پیەغەمەرەکان و شاهەنشا مێژوویەکان ناناسنەوە و وا تێدەگەن زەردەشت بە سەرکۆنەی مای یان جەمشیدشا خەریکە دژایەتی لەگەڵ ئابراهام باوکی جووەکان ئەکات و بۆ بەڵگەش ماجەرای موردێخای و خامان ئەهێننەوە.

ئەوانە نازانن ئەستێر و موردێخای و شا خۆشەدەرەی فەرمانڕەوای دەهیوکیە دووهەمەکان و مۆردێخای جولەکە و کاردۆخییەکان هەموویان یەک ئایینیان هەبووە و هۆکاری جیاوازی نێوان موردێخای (مەهرا-ماردوخ- کاردوخ، کوردە) و هامان (وەهامان- ماکان-بەهمەن) هەژموون بووە لە کارگێڕی دیوەخانی شادا. هامان لە پێگەی خۆی دەترسا و مواردێخای سەر بە جووە میتراییەکان (ئەشکەنازی کاردۆخی پاڵویی) خاوەنی بیروباوەڕی میکاییلی و سۆفییانە بوو بەڵام هامان دوژمنایەتی سۆفیەکان دەکرد...

شاهەنشایەکی وەک نەوشیروان ساسانی ئەم دوژمنایەتیەی لەگەڵ سۆفییەکان هەبوو. ئیسلامیش دوژمنی ئەم سۆفیگەرەیە. یۆنانی و ڕۆمەکان دوژمنی ئەم سۆفیگەرییە بوون. فەرۆخ ڕامسەس (فیرعەون)یش دوژمنی ئەم سۆفیگەرییە بوو. هەروەها ڕۆحانییە فەریسییەکان و سەدوقیەکان دوژمنی ئەم سۆفیگەرییە بوون تا ئەو ڕادەی عیسایان دا بە کوشت. چونکە عیسا بیروباوەڕی سۆفیگەری بوو وەک خدرشا، ئابراهام، موسا، داود، و شموئیل... هەروەها زەردەشت، مانی، مەزدک، سوڵتان

سەهاک، شێخ ئادی، بەهائوڵا، شێخ عەبدولقادر گەیلانی، باوە تاهیر وریانی، و مەولانا خالید سەر بەم سەرجەلە سۆفیگەرییە بوون.

چەند مانگێک لەمەوبەر مەلایەکی موسڵمانی سوننە سووکایەتی بە عەبدولقادر گەیلانی کرد. مەلا سەلەفیەکان و ئیخوان موسلمین کە گروپێکی ئیسلامی توندڕەو و خاوەن بیروباوەڕی جیهانگیرانەن، زۆر دوژمنایەتی سۆفیگەری دەکەن. ئەو وڵاتانەی پاڵپشتی ئەم جۆرە بیرکردنەوە دەکەن پووڵ و پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن بۆ ڕاهێنانی مەلاکان و بڵاوەپێکردنیان لە کوردستان و لەناوبردنی ڕیشەی عێرفانی ماردوخی کوردی و بە لەناوبردنی ئەم سۆفیگەرییە، کەسایەتی مێژوویی و نەتەوەیی کورد لەناو ببەن.

ئامۆژگاری کوردانی جیهان دەکەم کە هەرگیز ڕەگ و ڕیشەی ئایینی ماردوخی لەبیر نەکەن و ئەم کولتوورە بپارێزن وا لە دوو ساڵی ڕابردوودا زیندووم کردۆتەوە بۆتان. داواتان لێدەکەم ئەم کولتوورە لە ژیانی ڕۆژانەتاندا بەکار بهێنن، چونکە نهێنی و ڕەمزی مانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد وەک " کوردی کوردستانی" لەم نوسینانەی مندایە .

هەرگیز بێڕێزی بە جوولەکە و مەسیحی و یارسانی و ئێزیدی و مەندایی و بەهایی و زەردەشتی مەکەن. ئەوان میراتگری ئایینی ڕاستەقینەی کوردانەی ماردوخین.

ئامۆژگاری کوردانی موسڵمان دەکەم کە شوێن مەلا جۆراوجۆرە شیعە و سونییەکان مەکەون، ئەوان پەرە بە وەهم و گریان و بێدەسەڵاتی و ترس لە ئایندە و لۆژیکی "فریاکەوە و هەتا ئەتوانی بڕفێنە" ئەدەن چونکە دڵنیا نین لە ئایندەی هیچ شتێک و هەر بۆیە ترسنۆک، کۆنەپەرست، تەماحکار، بەرچاوتەنگ، چاوچنۆک، فێڵەباز، حەسود، ستەمکار، چرووک، ڕووش و هەراش، بێ بەزەیی، نەوسن و گونچڵێسن.

لە ئێوەی خەڵکی کوردستان و هەروەها ئەو ئێرانییانە وا شوێن بیرۆکەی درۆ و فاشیستی نەکەوتوون، داوا ئەکەم درۆ مەکەن و چاوتان لە دەم کەسەوە نەبێ، ڕەشبینی و گومان خوازی هەمان بێهەڵوێستی و گەمژەییە، قەت خۆتان مەخەنە بەر هەڵەیەکی واوە. پێگە و کەرامەتی خۆتان بناسن و خۆتان لە شوێنی کەسدا دامەنێن، بەڵکو هەوڵبدەن لە گرنگیی کەسایەتی و لۆژیکی هەبوونی خۆتان تێبگەن، بەڵام بزانن لە دونیادا سیستەمی پلەبەندی ( گەورە و چکۆلەیی) هەیە و هەموو کەسێک لە شوێنی

خۆیدایە.

هەمیشە ڕێز لە گەورەتر لە خۆتان بگرن. دنیا و ژیانتان خۆش بوێت و هەوڵبدەن بارودۆخی مادی و دەرونیی خۆتان باشتر بکەن. ڕێز لە کولتوور و دەرکەوتەکانی (ئەدەب، هونەر، ئەنترۆپۆلۆژی، کۆمەڵناسی، شوێنەوارناسی و مێژوو) بگرن و پەرەی پێبدەن .

ناسنامەی خۆتان خۆش بوێت و ڕێزی لێ بگرن. مەکەونە داوی فاشیزمەوە، چونکە سەرەتا ئەتانکا بە گەمژە، پاشان نارسیست و خۆپێجوان، دواتر ئەتانکا بە دەمارگرژ وپەلهاوێژ ، دواجاریش جیهان لەدژتان کۆدەکاتەوە. لە سەرپێی خۆتان ڕاوەستن و یەکگرتوو بن و ڕێز لە ناسنامەی خەڵکی تر بگرن.
چاوەڕێ بکەن دوژمن تیری یەکەم بهاوێژێ، کاتێک شەڕتان دەست پێکرد، بەردەوام بن هەتا ڕادەی لەناوبردنی دوژمن. ڕێز لە یاساکان بگرن.
زمانی کوردی بپارێزن. پاراستنی خاک و جوگرافیای کوردستان و سامانەکانی لە ئەستۆتاندایە. ڕێز لە ڕەنگی سوور و زەرد و وەنەوش و کەلە قازی و بۆری پۆتەیی و سەوز و ئەرخەوانی و شین و پیرۆزەیی بگرن چونکە هێمای پیت و فراوانین. ڕێز لە کۆڵەکە زێڕینە بگرن لەبەر ئەوە هێمای سۆز و بڕیاری خودایە بۆ خدرشای زیندوو... لاڵی سپی هێمای خاوەرانە، ڕێزی لێ بگرن.

بەردەوام بن لە دژایەتی کردنی ڕێژیمی ئێران هەتا لەناوچوونی. دوژمنانی دەوروبەرتان پشتگوێ مەخەن.

خودا بتانپارێزێ!

ئاتروپاتی خاوەران، شوریدەی ئەشکەنازی (ئازاد کەریمی)
چوارەمی مانگی جودای ساڵی ٦٣٧٧ی میترایی
نۆروێژ، سکاندیناڤیا، باکووری ئەوروپا
شەوی ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ی زایینی